Australian Government
Department of Home Affairs

# Information about DNA testing for visa and citizenship applicants
# زانیاری دەربارەی تێستیDNA بۆ داواکارانی ڤیزە و هاووڵاتیبوون

Form
**1259i KURS**
KURDISH (SORANI)

## DNA دەربارەی
مادەی DNA (دی ئۆکسی ریبۆنیوکلیک ئەسید) ماتریاڵێکی جینیتیکە لە گشت خانەکانی لەش دا هەیە. بۆ نموونە، لە خوێن، لیک، پێست و موو هەیە. هەموو کەسێ DNA هەیە. ئینسان پێکهاتەی DNA لە باوانەوە بۆ بە جێ دەمێنێ. بۆیە، خزمانی یەک پشت هەمان DNA یان هەیە.

## تێستیDNA
تێستیDNA مادەی جینیتیکی لە ٢ کەس یان پتربەراورد دەکا بۆ ساغکردنەوەی پەیوەندی جینیتیکییان. مادەی جینیتیکی بۆ تێستکردن بە گشتی لە سامپلی خوێن یان ماڵینی دەم وەردەگیرێ.

## لەبەرچی تێستیDNA بۆ هەندێ داواکاران پێشنیار دەکرێ
وەزارەتی کاروباری ناوخۆ Department of Home Affairs (وەزارەت) تێستی DNA وەک واتا بەڵگەی ئیددیعای پەیوەندی خێزانی بایۆلۆجی پشتراست دەکا. زۆر جار جۆرەکانی دیکەی بەڵگە وەکو زایین نامە و دەفتەرچەی خێزان لە بەر دەست دان. بە هەر حاڵ، تێستیDNA بژاردەیەکی بەسوودە ئەگەر بەڵگەی دۆکیومەنتیی لە سەرئیددیعای پەیوەندی خێزانی لە بەر دەست یا پشت پێ بەستوو نەبن.

وەزارەت رەنگە پێشنیار بکا تێستی DNA بکەی وەکو واتا بەڵگەی ئیددیعای پەیوەندی خێزانی بایۆلۆجی کەی وەزارەت بە بەڵگەی لە بەر دەست دەربارەی ئیددیعای پەیوەندی قایل نەبێ.

بەڵکو داوابکرێ لێت بەڵگەی یەیوەندی خێزانی پێشکەش بکەی تا پێویستییەکانی وەرگرتنی ڤیزە یا بە رەگەزهاووڵاتی بە چی بێنی. ئەنجامەکانی تێستیDNA بەڵگە لە سەر ئیددیعای پەیوەندی خێزانی دەخاتە روو، بۆ وێنە پەیوەندی باوان-مناڵ یا خوشک و براکان.

## تێستیDNA ئیجباری نیە
ئەتوانی تێستیDNA ئەنجام نەدەی ئەگەر پێشنیاری کردنی لێت بکرێت.

تێستیDNA بە یاسا پێویست نیە. جۆرێکی دیکەی بەڵگەیە ؛ بە گشتی جێگرەوەی زایننامەیە. ئەگەر بڕیار بدەی تێستیDNA نەکەی، وەزارەت لە سەر چۆنیەتی رێخستنی تێستێ کە داخوازییەکانیان دابین بکا زانیاریت پێشکەش دەکا. هەر تێستێکی بەدەر لە داخوازییەکانیان رەنگە قبووڵ نەکرێت.

ئەگەر بڕیار بدەی تێستیDNA نەکەی، وەزارەت بڕیار لە سەر ڤیزەکەت یا بە رەگەزهاووڵاتیبوونت دەدا بە پێی زانیاری لەو دەمەدا لە بن دەستی وەزارەتە.

## DNAنرخی تێستی
داواکارانی ڤیزەی کۆچبەر یان بەرەگەزهاووڵاتیبو بدەن.DNAون ئەبێ نرخی تەواوی تێستی.

وەزارەت نرخی تەواوی تێستیDNA دی ئێن ئەی دەدا بۆ داواکارانی ڤیزەی پەنابەر. بەڵام، داواکارانی پرۆگرامی ئینسانی تایبەت کە بانگکراون بۆتێستی DNA ئەبێ نرخی تەواوی تێستی DNAدی ئێن ئەی بدەن.

## مشۆرەت
دەتوانی داوای مشۆرەت (ئامۆژگاری) بکەی لە پسپۆڕێ تەندروستی یان دکتۆرێکی دەستووردار پێش ئەوەی بڕیاری تێستیDNA بدەی. هەروەها دەتوانی داوای مشۆرەت بکەی پاش زانینی ئەنجامەکانی تێستیDNA.

**تێبینی:** بەرپرسیار ئەبی بۆ دراوی مشۆرەت ی خۆت.

## تێستی DNA چی پیشان دەدا
تێستی DNA مناڵ و باوان لینکی بایۆلۆژیی نێوانیان پیشان دەدا .

لە زوربەی کەیسەکاندا تێستیDNA ئیددیعای پەیوەندی پشتراست دەکا

هەندێ جارتێستی DNAدی ئێن ئەی ئەنجامێ روون نادا بەدەستەوە لەسەرپەیوەندی ئەندامانی دیکەی خێزان . ئەگەر ئەنجامێ روون نەبێ، تاقیگە ئەنجامەکان شرۆڤە دەکا.

## ئەنجامەکانی تێستی DNA بۆ چی بەکار دێن
ئەنجامەکانی تێستیDNA لای وەزارەت تەنیا بۆ مەبەستی کۆچبەری بە کار دێن.

## زانیاری گرنگ دەربارەی تایبەتمەندیی
*Privacy Act 1988* (یاسای تایبەتمەندیی ١٩٨٨) ١٣ پرینسیپی تایبەتمەندیی لە خۆ دەگرێ کە شێوەی کۆکردنەوە و مامەڵە کردن لە مەڕ زانیاری شەخسی رێک دەخەن. زانیاری لە سەر چۆن وەزارەت زانیاری شەخسی کۆ دەکا، بەکاردێنی و ئاشکرا دەکا بۆ کاروباری سەرەکی خۆی هەیە لە فۆرمی *1442i Privacy notice*.
زانیاری پتر دەربارەی کرداری مامەڵە لە گەڵ زانیاری گشتی ی وەزارەت بە (فۆرمی 1442i) ەشەوە لە سیاسەتنامەی وەزارەت پەیدا دەبن لە ژێر دا
**https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy**

تاقیگەکانی تێستیDNA دی ئێن ئەی دەبێ رەزامەندی نووسراویی تۆی هەبێ بەرلەوەی ئەنجامەکانی تێستی دی ئێنDNA ئەی ئێوە لای وەزارەت یان لای سپۆنسەرێک ئاشکرا بکەن.

دەتوانی زانیاری زیاتر لە سەر تایبەتمەندی و پەنهانیی ئەنجامەکانی تێستیDNA خۆت لەو تاقیگە وەربگری کە تێستیDNA یت بۆ دەکا.

## تاقیگەکانی تێستیDNA
ئەگەر وەزارەت پێشنیار بکا تۆتێستیDNA بکەی، تۆ ئەبێ
تاقیگەی تێستیDNAیەک هەڵبژێری کە دەستوور داربێ لەلایەن
National Association of Testing Authorities, Australia
(کۆمەڵەی نیشتیمانی دەسەڵاتداریی تێست، ئوسترالیا (NATA)) وە

بۆ تێستی یاسای خێزانی و هەروەها بۆ خوازیارانی لە دەرەوەی ئوسترالیا تێست بکرێن ، کە پێداویستیەکانی وەزارەت بۆتێستیDNA بەجێ دێنن لە زەمینەیەکی نێونەتەوەییدا.

**تێبینی:** هەرهەها پێویستە کۆکەرەوەی سامپڵیDNA باوەرپێکراوهەڵبژێریت.

بروانە هەنگاوی ٣ لەخوارەوە دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی تاقیگەی تێستیDNA و هەنگاوی ٥ لەخوارەوە دەربارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی کۆکەرەوەی سامپڵیDNA.

## پرۆسەی تێستیDNA
پرۆسەی تێستیDNA لەم هەنگاوانەی ژێرەوە پێک دێت:

١. وەزارەت نامەیەکت بۆ دەنێرێ پێشنیاری تێستیDNAیت بۆ دەکا . نامەکە زانیاریت دەداتێ لە سەر تێستیDNA، پرۆسەی تێستیDNA و چۆنیەتی هەڵبژاردنی تاقیگەی تێستیDNA وکۆکەرەوەی سامپڵیDNA.

٢. خۆت بڕیار لەسەرئەگەری کردنی تێستیDNAئەدەی. دەتوانی داوای مشۆرەت بکەی لە پسپۆڕێ تەندروستی یان دکتۆرێکی دەستووردارئەگەرحەز بکەی، بەڵام لە سەر مەسرەفی خۆت.

ئەگەر بڕیار بدەی تێستیDNA **نەکەی**، وەزارەت بڕیار لە سەر ڤیزەکەت یا بە رەگەزهاووڵاتیبوونت دەدا بە پێی زانیاری لەو دەمەدا لە بن دەستی وەزارەتە.


© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2020

٣. ئەگەر بڕیار بدەی تێستیDNA بکەی،تۆ ئەبێ تاقیگەی تێستیDNA یەک هەڵبژێری کە دەستوور داربێ لەلایەن(NATA) وە بۆ تێستی یاسای خێزانی و،هەروەها بۆ خوازیارانی لە دەرەوەی ئوسترالیا تێست بکرێن کە پێداویستیەکانی وەزارەت بۆتێستیDNA  بەجێ دێنن لە زەمینەیەکی ئێونەتەوەییدا.  پەیداکردنی تاقیگە:

- سەردانی ماڵپەری NATA بکە لە **www.nata.com.au/accredited-facility**
- بۆئەوەی بگەڕێی لە تاقیگەی تێستی دەستووردار، ووشەی 'Parentage Testing' لە 'Keyword' دابنێ لە سێرچی ووێندۆ کە و پاشان دوگمەی 'SEARCH' کلیک بکە، و
- پەیوەندی بە تاقیگەی هەڵبژاردەی خۆت بکە تا دڵنیا بی کە بتوانن داخوازییەکانی وەزارەت بە جێ بێنن

**تێبینی:** تاقیگەی بۆ تۆ هەڵدەبژێردرێ ئەگەر تۆ داواکاری ڤیزەی پەنابەر بی.

٤. کاتێ تاقیگەی تێستیDNA یت هەلبژارد، دەبێ پەیوەندی بەو تاقیگەوە بکەی تاکو وەخت ێ وەربگری و لە سەر تێچووی تێستیDNA ڕێک بکەون و دراوەکە بدەن.

لە سەر ئەوەش دا، پێویستە لە گەڵ تاقیگەکە چیک بکەن ئەگەر بیانەوێ فۆرمی 1528 *DNA Collection Statutory declaration* و فۆرمی 1527 *DNA Collection Cover sheet* یان بۆ بنێری تاکوئەوان فۆرمەکان پڕ بکەنەوە و بینێرن بۆ ئۆفیسی پرۆسەی پەیوەندیدار.  فۆرمی 1528 وفۆرمی 1527 لە ماڵپەری وەزارەت پەیدا دەبن لە سەر **www.homeaffairs.gov.au/allforms**

**تێبینی:** ئەگەر لە دەرەوی ئوسترالیا تێست کراوی، رەنگە پێویست نەبێ (کلێشە)کە بۆ تاقیگە بنێری بۆ پڕکردنەوە و واژووکردن ئەگەر وەزارەت ڕێکخستنی هەبێ لە گەڵ  تاقیگەکە سەبارەت بە کلێشەکانی ڕاگەیاندنی یاسایی.

٥. هەروەها پێویستە کۆکەرەوەی  سامپڵیDNA هەڵبژێری و زانیاری پەیوەندیکردن بۆ تاقیگەی  تێستیDNA بنێری تاکو بتوانن ڕێکخستن سەبارەت بە کۆکردنەوەی سامپڵ بکەن. بۆهەڵبژادنی سامپڵیDNA:

- گەر تۆ لە دەرەوەی ئوسترالیا بی  – ئۆفیسی هەندەرانی پرۆسەی پەیوەندیدار دەبوو تا ئیستا لیستێکی  کۆکەرەوەی  سامپڵیDNA ناوخۆیی دەستووردار پێشکەشت کردبا لە نامەی ئۆفەر دا بۆ تۆ تا یەکیان لێ هەڵبژێری؛ یان
- گەر تۆ لە ئوسترالیا بی – پێویستە سەنتەری کۆکردنەوەی پاتۆلۆجی دەسنیشان بکەی (یان، لە ڕەوشی ئەگەر سەنتەری کۆکردنەوەی پاتۆلۆجی لەونزیکانە نەبێ، (پزیشکی گشتی) یەک لە ئوسترلیا دەتوانێ داخوازییەکانی وەزارەت بە جێ بێنێ سەبارەت بە سامپڵیDNA بۆ مەبەستەکانی یاسای خێزانی.

٦. ئەگەر تا ئیستا نەکراوە،  تاقیگە پاکەتی سامپڵ دەنێرێ و، گەر داوابکرێ، ڕاگەیاندنی یاسایی پڕکراو و واژووکراو ڕاستەوخۆ بۆ:

- گەر تۆ لە دەرەوەی ئوسترالیا بی  – ئۆفیسی پرۆسەی ڤیزە و خواستنامەی هاووڵاتیبوون (بەپێی داخوازییە ناوخۆییەکان، بە هەر حاڵ، ڕەنگە هەندێ ڕەوش هەبن کە  پاکەتی سامپڵ وراگەیاندنی یاسایی ڕاستەوخۆ بۆ کۆکەرەوەی سامپڵیDNA دەسنیشانکراو ڕەوانە بکرێن.)؛ یان
- گەر تۆ لە ئوسترالیا بی  – بۆ کۆکەرەوەی سامپڵیDNA دەسنیشانکراوی تۆ.

٧. تاقیگەی تێستیDNA پاشان پەیوەندیت لە گەڵ دەکا بۆ ڕێکخستنی سامپڵ کۆکردن لە تۆ و لە وانەی تێستیDNA کراون. سامپڵ بە زۆری لە ڕێی ماڵینی ناودەم یا تکەی خوێن وەردەگیرێ.

نوێنەرێکی وەزارەت **دەبێ** ئامادە بێ لە کاتێ سامپڵ وەردەگیرێ لە هەموو بەخشەرەکانی دەرەوی ئوسترالیا. هەندێ جار سامپڵی وەرگیراو لە بەخشەران پێویست بە شایەداندن دەکا.

تێستیDNA  کە داخوازییەکانی وەزارەت بە جێ نەهێنێ ڕەنگە قبووڵ نەکرین. (ئەنجامەکانی تێستیDNA بە یاسا ناسراو، ڕەنگە پەسند بکرێن).

٨. لە کاتی کۆکردنەوەی  سامپڵیDNA، پێویستە تۆ فۆرمی  1526 *DNA Collection Consent declaration* کە لە ماڵپەڕی وەزارەت هەیە پڕ بکەیت و ئیمزای بکەی (کە دەبێ لە گەڵ خۆت بیبەی و پیشانی کۆکەرەوەی سامپڵیDNA بدەیت). ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی بە واتای ڕازیبوونی تۆیە لە سەر دەرخستنی ئەنجامەکانی تێستیDNA بۆ وەزارەت. هەر کەسێ سامپڵ بدا دەبێ ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی پڕ بکاتەوە لە کاتی سامپڵ وەرگرتن و بیدا بە:

- گەر تۆ لە دەرەوەی ئوسترالیا بی  – شایەدی وەزارەت، کە ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی پڕکراوە تۆ دەنێرێ، لە گەڵ سامپڵەکان، بۆ تاقیگەی  تێستیDNA ی پەیوەندیدار(تێبینی، لە حاڵەتی دەگمەندا ، کۆکەرەوەی سامپڵ ئەم کارە دەکا)؛ یان
- گەر تۆ لە ئوسترالیا بی،و شایەدی وەزارەت نەبێ  –  کۆکەرەوەی سامپڵی DNA ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی تەواوکراو، لە گەڵ سامپڵەکان، بۆ تاقیگەی تێستیDNA ی پەیوەندیدار دەنێرێ.

ئەنجامەکانی تێستیDNA بۆ تۆ و هەروەها بۆ وەزارەتیش دەنێردرێن، ولای تاقیگەکە دەست دەکەون پاش ١٤ ڕۆژ لە تاریخی وەرگرتنی سامپڵەکان.

٩. ئەگەرئەنجامەکانی تێستیDNA لینکی بایۆلۆجی چاوەڕوان نەکراو پیشان بدا (بۆ نموونە، تێستی باوان باوکایەتی یا دایکایەتی بەخشەرەکە بە دوور بزانێ)، ڕەنگە پێویست بەوە بکا مشۆرەت وەربگری. دکتۆرێ دەستوودار کە لە لایەن حکومەتی ئوسترالیاوە دەسنیشان کراوە ئەتوانێ ئەم جۆرە  مشۆرەتانەت پێشکەش بکا، بەڵام خۆت دەبێ پارەی ئەم خزمەتگوزاریە بدەی.

**تێبینی:** گەر ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە دەخوازی و باست بۆ کراوە چۆن لە گەڵ  دکتۆرێ دەستوودار پەیوەندی دەکەی، دەتوانی وردەزانیاریت لە ئۆفیسی پرۆسەی ڤیزە و خواستنامەی هاووڵاتیبوون ی وەزارەت دەست بکەوێ.

## ئەم زانیارییە بە زمانەکانی دیکە بخوێنەوە

ئەم زانیارییە بەم زمانانەی خوارەوە هەیە:

- ئە رامیک
- عەرەبی
- دەری
- فەرەنسی
- هاخا چن(دەوڵەتی چن-بۆرما)
- کوردی (کرمانجی)
- کوردی (سۆرانی)
- چینی (سادە)
- سۆماڵی
- تاگالۆگ
- ڤییەتنامی

## پێویستیت بە زانیاری زێدەترت بێ لە سەرتێستی DNA

ئەگەر لە تۆ یا خزمەکەت داواکراوە تێستی DNA ئەنجام بدەن و پرسیاری زیاترت هەبوو، یان پێویستیت بە زانیاری زێدەترت بێ لە سەرتێستی DNA، تکایە پەیوەندی بەو ئۆفیسی وەزارەتەوە بکە کە پێشنیاری تێستی بۆ کردی یان سەردانی ماڵپەڕی وەزارەت بکە لە سەر **www.homeaffairs.gov.au**

**www.homeaffairs.gov.au** *Home Page*

**هێڵی پرسی گشتی**

تەلەفۆن بکە بۆ ژمارە **131 881** لە ساتەکانی کار لە ئوسترالیا و بۆ قسە کردن لە گەڵ ئۆپەراتۆرێ( زانیاری تۆمارکراو هەیە لە ساتەکانی پاش کار). ئەگەر لە دەرەوەی ئوسترالیای پەیوەندی بە نزیکترین ماسیۆن بکە.